حاجییەکی عێراقی سوپاسی ساڵح بن ناسر ئەلجاسر وەزیری گواستنەوەی سعودیە دەکات



چالاکوانان لە سۆشیال میدیا گرتێکی ڤیدیییان باوکردەوە، کە تێیدا زیارەتکارێکی عێراقی سوپاسی ساڵح بن ناسر ئەلجاسر، وەزیری گواستنەوەی سعودیە دەکات بە ئەو هەوە و خزمەتگوزارییانەی پێشکێش بە حاجیان کردوە و دەڵێت، "سوپاس زۆر کەم".

ئەو حاجییە لەپەیامێکدا بە وەزیری گواستنەوەی سعودیە دەڵێت، "ئەو یەکەمجارە دڵچەم ناو شانشینی سعودیە و هەمو ئەو دڵنگیانەی لەسەر سعودیە دەوترێت دورە لە ڕاستییەوە، هەمو کەس لێرە لە شەفەرەوە تا کرێکارانی هێتێل لە خزمەتماندا بون، شتێکم بینی کە چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد".

ئاماژەی بەوەشکردوەە، "من عێراقییەکی خەڵکی بەسرەم، سعودیە هەوەی زێری بە هەمو حاجیان داوە، سوپاسکردنیش زۆر کەم، خوای گەورە سعودیە و پاشاکەی و گەلەکەی بپارێزێت".

شازادە سعود بن میشال، جێگری ئەمیری مەککە ڕایگەیاند، "حەجی ئەمساڵ لە ڕوی ئاسایش و تەندروستی و خزمەتگوزاری سەرکەوتو بوەە، سوپاسی هەمو ئەو کەسانە دەکەین کە بەشداربون لە سەرکەوتنی پڕۆسەی حەجی ئەمساڵ".

حاجیان ئەمڕۆ یەکشەممە تەوافی ماڵئاواییان ئەنجامدا، ئەوەش کۆتایی هاتنی ڕۆژەسمەکیان بو،

مزگەوتی گەورەی مەککەی هاتوچۆی زۆری بەخێوەی بینی، ئەوەش لە چوارچێوەی ئامادەیی بەرز بۆ کاروباری دو مزگەوتی پیرۆز، بە هاوکاری لێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکان.